# ئێمە ڕاوێژو زانیاری پێشکەش دەکەین

## ڕۆژانی دووشەمە تاکو پێنجشەمە لە کاژێر 9-16
## ڕۆژانی هەینی لەکاژێر 9-15

**دانیمارکی و ئینگلیزی**
**ژماری تەلەفۆن 33735000**

**جگە لە دانیمارکی بەو زمانانەی خوارەوەش ڕاوێژو زانیاری پێشکەش دەکەین**

**بۆسنی/سربي/کرواتی**
**ژمارەی تەلەفۆن 33735233**

**کوردی و عەرەبی**
**ژمارەی تەلەفۆن 33735228**

**سۆمالی**
**ژمارەی تەلەفۆن 33735311**

ئەگەری حەز دەکەیت زانیاری تایبەت بەخۆت و زانیاری دەربارەی بابەتی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانەو ئەو یارمەتیانەی کە دەستەبەری دەکەی لەکاتی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە، ئەوا پێویستە فۆرمی زانیاری پڕبکەیتەوە کە لە سایتەکەمان دەبینرێت

www.atvendehjem.dk
www.flygtning.dk/atvendehjem

**هەروەها دەتوانی ئیملێلمان بۆ بنێری**

atvendehjem@drc.ngo

DRC DANSK FLYGTNINGE HJÆLP

Kurdisk/sorani



# دەربارەی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە 2020

زانیاری بۆ پەناهەندەو کۆچبەرو خاوەن دوو ڕەگەزنامە دەربارەی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە

DANSK
FLYGTNINGE
HJÆLP

## ئەگەر حەز دەکەیت بە ئارەزوومەندانە بگەڕێیتەوە بۆ وڵات

ڕێکخراوی دانمارکی بۆ یارمەتی پەنابەران ڕاویژ پێشکەشی هاووڵاتیان دەکات دەربارەی گەڕانەوەی گەڕانەوە بۆ وڵات یان بۆ ئەو وڵاتەی پێشتر لێی نیشتەجێیبون. پەناهەندەو کۆچبەرو خاوەن دوو ڕەگەزنامە (کە یەکێکیان دانمارکي و ئەوەی تر ڕەگەزنامەیەکی تر بێت) دەتوانن یارمەتی دارایی وەربگرن‌و بگەڕێەوە وڵاتی خۆیان. دەستکەوتنی ئەو یارمەتیە پەیوەستە بە ماوەی نیشتەجێبوونت لە دانمارک هەروەها جۆری مافی نیشتەجێبوونەکەت.

ئەگەر حەز دەکەی زانیاری بەدەستبێنی دەربارەی گەڕانەوە بۆ وڵات و ئایا ئەو یارمەتیانە تۆش دەگرێتەوە، ئەوا پێویستە فۆرمی زنیاری پڕ بکەیتەوە لەڕێگەی ئەو لینکەی خوارەوە:
**www.atvendehjem.dk**

## یارمەتیە داراییەکان

لەساڵی ٢٠٢ هەر کەسێکی هەراش واتا لە سەرووی ١٨ ساڵ دەتوانێت بڕی ١٤٢٠٥٩ کرۆن وەرگرێت تاکو ژیانێکی نوێ دەستەبەربکات لە کاتی گەڕانەوەی بۆ وڵات. منداڵی خوار تەمەن ١٨ ساڵ بڕی ٤٣٣٢٦ کرۆن وەردەگرن.

ئەو یارمەتیە بە دوو بەش دەدرێت – بەشی یەکەم کە بریتیە لە بڕی ٥٦٨٢٣ کرۆن بۆ هەر هەراشێکو بڕی ١٧٣٣٠ کرۆن بۆ هەر منداڵێک لەکاتی گەڕانەوە دەدرێت – بەشی دووەم کە بریتیە لە بڕی ٨٥٢٣٦ کرۆن بۆ هەر هەراشێک و بڕی ١٥٩٩٦ کرۆن بۆ هەر منداڵێک دوای ساڵێک لەگەڕانەوە بۆ وڵات دەدرێت.

## یارمەتی جۆراوجۆر

- تێچووی گەڕانەوە
- گواستنەوەی کەل‌وپەلی تایبەت، یان یارمەتی بۆ کڕینیان لە وڵات
- کەل‌پەلی کارکردن و گواستنەوەیان
- بیمەی نەخۆشی بۆ ماوەی ٤ ساڵ
- چارەسەری پزیشکی بۆ ماوەی ساڵێک
- کەل‌وپەلی پێویست
- یارمەتی خوێندن بۆ ماوەی ٤ ساڵ بۆ منداڵان لەتەمەنی (٥ تا ١٦) ساڵ.
- یارمەتی بەدەستهێنانی دۆکیومێنتی گەشتیاری

DANSK FLYGTNINGE HJÆLP

## ئەگەر تەمەنت گەیشتۆتە ٥٥ ساڵ

ئەگەر تەمەنت گەیشتۆتە ٥٥ ساڵ و ئارەزووی گەڕانەوەت هەیە بۆ وڵات ئەوە دەتوانیت بەدەر لەو یارمەتیانەی باس کران مانگانە یارمەتی دارایی لە دانمارک وەرگری.

لەهەندێ حاڵەتی تایبەتی ئەوکەسانەی کە تەمەنیان لەنێوان ٥٠ بۆ ٥٥ ساڵە دەتوانن مانگانە یارمەتی دارایی لە دانمارک وەرگرن.

ئەو یارمەتیە لەنێوان ٢٨٠٠ کرۆن تا ٣٦٠٠ کرۆنی مانگانە دەبێت. بۆ وەرگرتنی ئەو یارمەتیە دەبێت بە لایەنی کەم ٥ ساڵ مافی نیشتەجێبوونت هەبووبێت لە دانمارک.

ئەگەر لەنێوان دانمارک و وڵاتەکەی خۆت پەیماننامە هەبیت، ئەوا دەتوانی مافی خانەنشینی دانمارکی لەوڵاتی خۆت وەرگریت.

## مافی پاشگەزبوونەوە لە بڕیاری گەڕانەوە

**پەناهەندەکان** مافی پاشگەزبوونەوەیان هەیە لە بڕیاری گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە و دەتوانن لەماوەی ساڵێک لە بەرواری گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە دووبارە بگەڕێنەوە بۆ دانمارک و هەمان مافی نیشتەجێبوون وەرگرنەوە لە دانمارک، بەڵام پێویستە هەموو یارمەتیەکان بیگەڕێننەوە کە لەکاتی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە وەریانگرتووە.

**کۆچبەرەکان** مافی پاشگەزبوونەیان نیە لە بڕیاری گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە. بۆیە بڕیاری گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە بڕیاری یەکجاریەو واتای هازهێنانە لە هەموو مافێک لەدانمارک.

**خاوەن دوو ڕەگەزنامە** پێویستە بەر لە گەڕانەوەیان بۆ وڵات بەشێوەیەکی کاتی واز لە ڕەگەزنامەی دانمارکی بهێنن. بۆماوەی دووساڵ دەتوانن پاشگەزببنەوە لە بڕیاری گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە بەڵام لە ئەگەری پاشگەزبوونەوە پێویستە هەموو یارمەتیەکان بگەڕێننەوە.

## ئەگەر حەز دەکەی زانیاری زیاتر وەرگری

ئەگەر بیر لە گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە دەکەیتەوە ئەوا دەتوانی فۆرمی زانیاری پڕکەیتەوە کە لە ماڵپەڕەکەمان دەستت دەکەویت و بۆمانی بنێری. لەڕێگەی چاوپێکەوتنێکی تایبەت دەتوانین هەموو مافەکانت بۆ ڕوون بکەینەوە بۆ ئەوەی بڕیاری دروست بدەی تایبەت بە مەسەلەی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە، هەروەها باسی چۆنیەتی وەرگرتنی ئەو یارمەتیانە دەکەین کە لەکاتی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە وەری دەگری. دەتوانین وەرگێرت بۆ دابین بکەین ئەگەر پێویستت پێی هەبێت. ئامانجامان پێدانی زانیاری و ڕێنمایی دروستە تاکو بتوانی بڕیاری دروست بدەی دەربارەی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە.